ئەنجومەنی وەزاری ئابووری ڕاسپاردەیەک دەردەکات بۆ لێکدانەوەی ڕێکارەکانی هەناردەی کاڵاکان بۆ بازاڕی ناوخۆدا



ئەنجومەنی وەزاری ئابووری ڕاسپاردەیەکی دەرکرد بۆ لێکۆڵینەوە لە هاوردەکردنی کاڵاکان بۆ بازاڕی ناوخۆ.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی وەزاری ئابووری لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند"جێگری سەرۆک وەزیران وەزیری دەرەوە فوئاد حوسین سەرۆکایەتی دانیشتنی 37 ەمینی ئەنجومەنی وەزاری ئابووری کرد بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک وەزیران وەزیری پلاندانان و وەزیرانی بازرگانی و کشتوکاڵ و پیشەسازی و کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و ئەمینداری گشتی سەرۆکایەتی وەزیران و ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری یاسایی و بریکاری وەزارەتی نەوت.

بۆ ئاگاداری هەواڵی زیاتر پەیوەندی بکە لەگەڵمان لەتیلیگرام

وتیشی ئەنجومەنەکە لەمیانەی دانیشتنەکەدا گفتوگۆی سازدا دەربارەی ڕاسپاردەکانی لێژنەی ستاندەرداتیزەیشن هاوردەکردن و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن لەگەڵ لێکۆڵینەوەی میکانیزمەکانی هاوردەکردنی کاڵاکان بۆ بازاڕەکانی ناوخۆ و پابەندکردنی هاوردەکاران و بەرهەمهێنەران بۆ وردبینیکردن بۆ ئەو کاڵایانەی کە بیارەکانی دەرگای ناوندی پێواندنی جۆری دەیانگرێتەوە، بەهەموو وردەکاریەکانیەوە وەک ناوی هاوردەکارو دابەشیار و بریکارو نیشانەی بازرگانی کاڵاکە.

هەروەها ئەنجومەنەکە بڕیاری دا کە تێچووی پڕۆژەی جێبەجێکردنی ژێرخانەکانی قەزای میشراقی نوێ لێپارێزگای بەسرە زیادبکات.